ثمداويستمكاني فسركردن و ثروةردة لةكوردستان ... وة هاب شاه محمد

فثركردن و فثركردنى زانستى گرنگثكى تايبةتى لة هةموو پثشكةوتنثكى كؤمةصگاكان هةية، بث فثركردنيش هيچ پثشكةوتنثكى ئةوتؤ لة بوارة جياجياكانى هيچ كؤمةصگاثك ناثتة جث، تةنانةت زؤربةى زؤرى ئاينة ئاسمانى و غةيرة ئاسمانثكان گرنگثكى تايبةتى بة زانست و فثركردن دةدةن و هةوصى پاصثوةنانى خةصكيان بؤ پةيداكردنى زانست و پثشخستنى لة رووى فثركدنةوة كردووة. هةموو كؤمةصگا پثشكةوتؤكانى ئةمرؤمان لةرثگاى فثركردنةوة توانويانة ئةو بارة مودثرنة تةكنيكى، پيشةسازى، كؤمةصايةتى، سياسى وة ئابووريةى بؤ ميلةتانى خؤيان ثننة دى، ساصانةش پارةثكى يةكجار زؤر، بة مليارديةها لة بودجةى دةوصةت لة لايةن حكومةت و دةسةصاتدارانى ئةو كؤمةصگايانة تةرخان دةكرث بؤ تازةكردن و گؤرينى شثوازةكانى خوثندن و شثوةكانى، بؤ ئةوةى لةگةص پثويستثكانى ئثستاو ودوارؤژيان بگونجث، پاشان بؤ ململانث كردنى خوثندكاريان لةرووى زانستيةوة لةگةص خوثندكارانى ترى دنياو و دوانةكةوتنيان لة رووى هةموو ئةو بوارانةى لة سةرةوة باسمان لثكردن. بؤية بث گوثنةدان بة بةرةو پثشةوة بردن و پثشخستنى شثوازةكانى فثركردن و تةرخانكردنى پارةو پوولثكى زؤر بؤ دامووديةزگاكانى فثركردن، ناكرث كؤمةصگاثكى مودثرنى پثويست پثكةوة ثنرث، چونكة هةموو ئةو پثشكةوتنانةش لة دووارؤژ دةكةوثتة ئةستؤث مندالان و خؤثندكارانى ئثستاو دوارؤژى ناو كؤمةصگاكان دةكةوثتة ئةستؤى منداص و خوثندكارى ئةمرؤ، هةر منداص و خوثندكارى ئةمرؤية دوارؤژى كؤمةصگاكان ديارى دةكاو بةرةو پثشةوةى دةبات.

پةيوةندى پةروةردة بة فثربوون و زانست دةكرث بخرثتة ناو چوارچثوةى كلتووري ناو كؤمةصگاكان، هةركؤمةصگاثكيش لةرووى كلتووريةوة چةند خاصثكى گرنگ گرثدارثتى و كارثثكردنى تثدةكات بؤ ديارى كردن و دانى ناسنامةثك بةو تاكة كةسةو بةستنةوةى بةو كلتوورةوة، هةندث لةو خاصانةش ئاينة كة هة ميشة رؤصثكى سةرةكى لة شثوةكانى فثركردن و شثوازةكانى پةروةردةى ناو كؤمةصة جياجياكانى ئةم دنيايةكردوةو كارى تثدةكات.

ئاين وةك فةلسةفةثكى گرنگى ناو هةندث كؤمةصگاكان، بةتايبةتى ئةو كؤمةصگايانةى كة تاكو ئثستا لة ئةصقةى ئاين و كاريگةرثتثكانى لة سةر كؤمةص رزگاريان نةبووة، ئاينيش لةهةموو بوارةكانى ژيانى ناو كؤمةصگا رؤصى سةرةكى دةبينث و زؤر لة رةفتارى رؤژانةو پةيوةندية كؤمةصايةتثكان بؤ تاكةكان و كؤمةصانى ديارى دةكات، بةتايبةتى ئةگةر ئةو ئاينة وةك بابةتثكى گرنگ و پثويست لة فثرگةكانى ناو ئةو كؤمةصگايانة چاوى لثبكرث و بخوثنرث، رثگاش بة خوثندكار نةدرث بؤ فثربوون و شارةزاى پةيداكاردنى بةرامبةر ئاينة جياوازةكانى ترو و هةوصدان بؤ بةهةصة زانيين، بة ناراستى زانينى هةموو ئاينةكانى تر لة ناو بيروو مثشكى خؤثندكارى ئةو كؤمةصگاية، هةموو هةوصثكيش بؤ بة هةرةشة زانينى ئاينةكان و باوةرة روحثكانى تر بؤ ئةو ئاينةى ناو كؤمةصگا، هةروةكو لة زؤربةى كؤمةصگا ئيسلامثكان بةرچاو دةكةوث، كة گواية تة ا ئاينثك راست و پثويستة، دةشبث لةهةموو بوارةكانى فثركردن پةيرةوبكرث ئةويش ئاينى ئيسلامةو هيچى تر بؤية نابث خؤثندكارى ناو كؤمةصگا ئيسلامثكان شارةزاثكى ئةوتؤيان دةربارةى ئاينةكانى تر هةبث و لة فثرگةكان وةك بابةت بخوثنرث. كؤمةصگاى كورديش ثكثكة لةو كؤمةصگا ئيسلاميانةى كة ئاين و فثركردنى رؤصثكى سةرةكى و تة ا بابةتى فثركردنى ئاينيية لة فثرگةكانى.

شثوازوو شثوەکانی فثرکردن لة کوردستان پثویستی بة گۆڕانکاری گەورەو بنەڕەتی هەیة، ئەویش لەبەر ئەو شثوازو شثوة کۆنة کلاسیکیەی کة تاکو ئەمرۆ لة فثرگەکان و خۆثندنگا جیا جیاکانی کوردستان بة ڕثوة دەچث و پەیڕەوی دەکرث. بابەتەکانی خۆثندن لەلامان هەروەک ساماني چل و پەنجاکان ماوەو گۆڕانگارثکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوة، بەستراوەتەوەش بة شثوازو شثوەکانی فثرکردن لة عیراق. ئەو بابەتانەی ئەمرۆ لة فثرگەکان دەخوثندرث لەگەڵ پثویستثکانی دنیای تەکنەلۆجی، کۆمەڵایەتی، پیشەسازی، ئابوری وة زۆر بواری تر ناگونجث و ناشتوانث خۆی بدات لة شانی فثرکردن و شثوەکانی زانستی دنیای ئەمرۆ بشگونجی لەگەڵی. پثویستة بابەتی تازەو نوث بثتة کایەوة لة فثرگەکان کة لة زۆر وڵاتانی دنیای مودثرن بەکاردەهثندرثن، گەیشتن بەو ئامانجەش کارثکی سەخت نیة، تة ا بة چاوهثنانثک و بەڕاوردثک لة گەڵ فثرگەکان و دامودەزگاکانی فثرکردنی تری دنیا دەکرث، پاشان تەرخانکردنی بوجەثکی باش بۆ ئەو گۆڕانکاری و پثویستثکانثتی. دەکرث و زۆریش پثویستة گرنگی بة زمانی گەورەو سەرەکی بثگانة بدرث، وەک زمانی ئینگلیزی کة ئەمرۆ ثکثکة لة سەرچاوة هەرة گرنگەکانی زانست و زانین لة دنیادا وة زۆر لة وڵاتانی مودثرن بەکاری دەهثنن وەک سەرچاوة. پثویستة فثرکردن و خوثندنی زمانی ئینگلیزی هەر لەسەرەتاوة دەست ثبکات، بة ماناثکی تر لة پۆلی یەکی سەرەتایەوة بخوثندرث بۆ ئەوەی خوثندکار زمانی ئینگلیزی کة ئەمرۆ هیچ زمانثکی تری دنیا ناتوانث شان لة شانی بدات لة بواری سەرچاوەی زانست و زانینەوة بکرث بة زمانی دووەمی سەرەکی بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد. ئەمرۆ لة ڕثگای (ئینتەرنثت) وة زۆر لة زانست و زانیاریة تازەکان دەتوانن بگەنة بەردەستی خوثندکاری کورد، ئەگەر زمانی ئینگلیزی لای خوثندکاری سەرەکی بث، پثویست بة وەرگثڕانی ئەو زانست و زانیاریانة ناکرث بۆ زمانی کوردی و چاپکردنی، چونکة وەرگثڕانی بابەت بۆ زمانی تر زۆرجار جیاوازی ناوەرۆکی تیا دەردەکەوث، پاشان پارەو پوولثکی زۆر، لەگەڵ کادیر و پسپۆری زۆری وەرگثڕانی پثویستة کة لەناو خەڵکی کورد بەدی ناکرث، ئەگەر وەرگثڕانثکیش بۆ ئەو سەرچاوة زانستیانة بکرث ئەوا کاتثکی زۆری پثویستةو سەرچاوەکانیش کۆن دەبن، بۆیة زۆر پثویست و گرنگة کة خوثندکاذی کورد زمانی ئینگلیزی باش بزانث و هەر لەسەرەتاوة بکرث بة زمانثکی سەرەکی بۆی.

ناردنی مامۆستایان بۆ دەرەوی وڵات و بەشداری کردنیان لة کۆرسة (خوولة) جیاجیاکانی وڵاتانی پثشکەوتوو لة بواری فثرکردن و پەروەردە، بۆ ئەوەی مامۆستای کورد ئاگاداری هەموو گۆڕانکارثک لة بواری خۆثندن فثرکردنەوة هەبث، ئەو کارەش دەکرث لة ماوەی پشووداني هاوین لة فثرگا کوردستانثکان ئەنجام بدرث، زۆر لة وڵاتانی مودثرن هەن کة ئامادەن ئەو جۆرة هاوکاریة بدەن بة مامۆستایانی تری جیهان، بۆیة پثویستة پەیوەندی بة داموو دەزگاکانی ئەو وڵاتانة بکرث بۆ ئەو جۆرة کارانەو داوای یارەمتیان لثبکرث، کة زۆر پثویستة خوثندکاروو مامۆستای کورد ئەمرۆ لەو گۆڕانکاری و تازەکردنەوانة دوانەکەوث و بة کاریان ثنث. پثویستة هەفتەی جارث هەموو مامۆستایانی فثرگەکان دانشتنی هەفتانەیان هەبث بۆ پیاچوونەوة لة کارەکانی هەفتانەیان پاشان بەرنامة دارشتن بۆ گۆڕانکاریة پثویستثکانی فثرکردن. مامۆستا بۆ پەرەپثدان و بەرەوپثشخستنی باری زانستی گشتی لای خوثندکار، پثوست ناکات تة ا سەرچاوة دیارثکراوەکانی فثرکردن بەکار ثنث لة وانة وتنەوة، بەڵکو دەبث سەرچاوەی دەرەکی، لة ڕثگای ئینتەرنثت، ڕۆژنامة، کتثبی زانیاری تر سەرچاوەی دەست بکەوث و بیگەثنثتة خوثندکار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیاری لای خوثندکار. ئەمرۆ ملثونەها بابەت و کتثبی زانستی لة ڕثگای ئینتەرنثتەوة پەیدادەکرث کة خوثندکار پثویستثتی.

دیارة کارثکی لەو جۆرەی کة باسمان کرد خەڵکانثکی دەسۆزوو و پسپۆری پثویستة، چونکة ئەم کارانة تة ا وەک نوسینثک و باسثکی مثدیای بث، وة هیچ کارثکی لەرووی پراکتیکیەوة بۆ نەکرث ئەوا بث

سوودة، وة ناهةقي و غةدرة بةرامبةر خوثندكارى كورد كة پثويستى بةو جؤرة گؤرانكارية هةية، جثبةجث كردنى ئةم كارةش دةكةوثتة سةر ئةستؤ و شانى بةرپرسيارانى دامووددةزگاكانى باساى خؤثندن و فثركردن لة كوردستان، چونكة كارى ئةوان و بريارةكانيان دةتوانث خوثندكارى كورد لةو بارة كلاسيكيةى رزگاربكات، ئةويش بة فشارهثنان و رووبةرووبونةوةى ئةو گؤانكارية لةلاى دةسةاتدارانى سياسى كوردستانى و هةوسدان بؤ گؤرينى. ئةگةر ئثمةى رؤشنبير، پسپؤر، دامووددةزگاى فثرگةكان و پاشان دةسةاتدارانى سياسى ئةو كارة ئةنجام نةدةين ئةوا هةموو دواكةوتنثك لة بوارى خوثندن و فثركردن دةبثتة گوناهثك لة ئةستؤى ئثمة .

پةروةردة لة بوارى خوثندن و فثرگةكان لة وساتثكةوة بؤ وساتثكى تر جياوازة، ئةويش بة هؤى جياوازية كلتورثكان و ئاينثكان، هةندث كؤمةسگا هةن، ئاين بووة بة بةشثكى سةرةكى كلتووريان و خاسثكى سةرةكى لة بوارى فثركردن و پةروةردةيان، رؤسثكى سةرةكيش لة كار و بريارةكانى دامووددةزگاكانى خؤثندن دةبينث. مامؤستا رؤسثكى سةرةكى لة پةروةردة دةبينث، چوونكة لة رثگاى ئةوانةوة، كة ئةمرؤ سةرچاوةى دةستكةوتنى ئةو جؤرة پةروةردةن، خوثندكار شثوةكانى پةروةردة فثردةبث، بؤية پثويستة مامؤستايان خؤيان لة رووى زانست و زانينى پةروةردةوة شارةزاى و توانااى ئةوتؤيان هةبث بؤ ئةوةى بتوانن ئةو جؤرة پةروةردة تازة و مودثرنةى لة كؤمةسگا پثشكةوتؤكان بةرثوة دةچث لة كوردستانيش بةرپاى بكةن.

ئةوةى من بثتةوة يادم كاتث خؤثنكاربووم لة كوردستان/ كةركوك، مامؤستايان شارةزاثكث ئةوتؤيان نةبوو لة بوارى پةروةردةو، مامؤستا زياتر رؤصى دايك يان باوكثكى توندو تيژى دةبينث لة گةص خوثنكار، زؤر جاريش كاتث خوثندكار تووشى مامؤستاثك دةبوو دةلةرزا لة ترساو وة يان هةموو هةوسثكى خؤى دةدا بؤ ئةوةى مامؤستاكةى لة جثك نةبينث. هيچ پةپةوندثكى دؤستانة يان ئاسايانة لة نثوان خوثندكارو مامؤستا بةدى ناكرا، هيچ كاتثكيش خوثندكار نةيوثراوة كثشة كةسايةتثكان، كؤمةصايةتثكان وة پاشان زانستثكان لاى مامؤستا باس بكات، بؤ ئةوةى دةستى يارمةتى بؤ درثژ بكرث بؤ چارةسةركردنى ئةو كثشانة. مامؤستا هةميشة رؤسثكى ترسناک و گةورةثتى لاى خوثندكارى كورد هةبووة، بؤية بةتاساثكى گةورة لة نثوان مامؤستاو خوثندكار بةدى دةكراو مامؤستاش هةميشة خؤث لة خوثندكار بة زاناترو و تثگةيشتوو تر دةبينث، كة پثويست ناكات واش بث، چونكة هةندث خوثندكار هةن لة زؤر لايةنةوة لة مامؤستاكانيان بة تواناترو شارةزاترن، بةتايبةتى ئةو خوثندكارانةى زانيارى و زانست لةرثگاى ترةوة وةردةگرن و توانااى ئابوريان رثگاى پةيداكردنى ئةو جؤرة زانست پةيداكردنةيان دةداتى .

كةم كردنةوةو بچووک كردنةوةى رثژةى خوثندكار لة پؤلةكان پثويستة بؤئةوةى مامؤستا كاتثكى ئةوتؤى هةبث كة بتوانث زانست و زانيارى بة باشترين شثوة بگةثنثتة خوثندكار بث هيچ فشارثكى دةروونى. مامؤستايان و خوثندكار پثويستيان بة رؤژنامةو نامياكةى مانگانة هةية بؤ باس كردن و توثژينةوةى كثشةكانى فثركردن و دامووددةزگاكانى فثركردن، پاشان لة رثگاى ئةو جؤرة نامياكةو رؤژنامانةوة دةكرث بابةتى باش بنووسرث، گفتوگؤ و باسى بة سوود بكرث بؤ هه موو گؤرانكارثكانى خوثندن، زانست و زانيين. پثويستة دامووددةزگاى تةكنيكى لة فثرگةكان زياد بكرث بة تايبةتى ئةوانةى پةيوةنديان بة زانستى تازةوة هةية. بردنى خوثندكارانى كورد بؤ جثة گشتثكان، چى دامووددةزگا دةوصةثكانبث، يان كؤمپانياى كةرتة ئازادةكان، كتثبخانة گشتثكان، مووزةخانةو كارخانةكان. كردنةوةى كتثبخانة لة هةموو قوتابخانةو فثرگةكان بؤ سوود وةرگرتنى خوثندكار لة سةرچاوةكانى ترى زانستى و زانيين. پاشان لة هةمووى گرنگتر رثگةنةدان بة خوثندكار بؤ بةجثهثشتنى خوثندن تاكو

دوای تەواوکردنی ئامادەیی، ئەویش بة رژگاگرتن لة کەس و کاری خوثندکار کة دەیانەوث منداصەکانیان فثرگەکان بەجثبهثمن بؤ یارمەتی دانی کەس و کاریان لة رووی ئابووریەوة .

پثویستة مامؤستای کورد شارەزای تەواوی لەبوارەکانی زانستی دەروونی منداص و خوثندکار هةبث، پاشان شارەزای باشیان لەسەر زانستی کؤمەصناسی هةبث، چونکة بث بوونی ئةو زانست و زانیاریانة ناکرث مامؤستا رؤصی خؤی لة بواری فثرکردنی پەروەردة ببینث. تثگەیشتن لة دەروونی منداص زؤر پثویستة لای مامؤستا، بة تایبەتی ئةو خوثندکارانةی باری کؤمەصایەتی و ئابووریان ئاسای نیةو، پثوستثکی زؤریان بة یارمەتی هةیة بؤ چارەسەرکردنی کثشەکانیان، چونکة ئةو جؤرة کثشةو گیروگرفتانة خوثندکار لة زانست و زانیین دوور دەخاتةوة، رژگای گەشەکردنی لثئةگرث. هثنانی پسپؤرانی تایبەت لەرووی کؤمەصناسی و دەروون ناسی منداصةوة و سوود لثوەرگرتن لثان بة شثوەثکی خوولی (دەورەوی) زؤر پثویستة بؤ مامؤستایان، چوونکة کؤمەصگای کوردی وەک هةموو کؤمەصگاکانی تری دنیا لة گؤرانکاریدایةو گؤرانکاری کؤمەصایەتی، ئابووری وة سیاسثکانی ناو کوردستان پثویستثکانی خوثندکار دەگؤری و زیاد دەکات، بؤیة ئةو جؤرة زانیاری وەرگرتنة لة رژگای پسپؤرانی تایبەتةوة زؤر گرنگة بؤ ماؤستایانی کوردستان. شثوازی پەروەردەی منداص لة فثرگەکانی کوردستان جیاوازثکی ئەوتؤی لەگەص پەروەردەی ناو ماص نیة، دووریشة لة پەروەردة زانستثکەی کة لة زؤر کؤمەصگا مودثرنەکان بەکاریدەهثنن و سوودی لثوەردەگرن. پثویستة منداصی کورد و خوثندکاری کورد پەروەردەی لەسەر شثوازة زانستثکانی ئەمرووی دنیا بث، هةموو هةوصثکیش بؤ دوورخستنةوةو لثکدابرانی لة پەروەردة ماصثکة بدرث، چونکة وەک هةموو دەزانیین زؤر لةو بەشانەی پەروەردەی ناو ماص کة لەسەر شثوەثکی ئاینی و کلتووری کوردی خؤی دەبینثتةوة هةصةیةو لة سوودی منداص و خوثندکاری کورد نیة. ثکث لة کارة هةرة گرنگەکانی ئةو جؤرة پەروەردة زانستیة، فثرکردن و تثگەیاندنی خوثندکاری کوردة لة مافة سەرەکثکانی و نەهثشتنی ئةو ترسەی لای خوثندکاری کورد بەرامبەر مامؤستاکەي و هةوصدان بؤ نزیکردنةوەیانة لة یەک، ئەویش بؤ زیاتر تثگەیشتن و رژگا دؤزینةوة بؤ کثشةو پثداویستثکانی خوثندکارو چارەسەرکردنیان .
دام و دەزگاکانی فثرکردن لة کوردستان کەم و کؤرثکی زؤری تیابەدی دەکرث لەرووی زانستی فثرکردن و پەروەردەوة، مامؤستایانی کوردیش گرثدراوی ئاین و کلتووری کوردین، کارەکانشیان بة بؤچوونة ئاینی و کولتووریة کوردثکەوة پەیرةو دەکرث دوور لة شثوة زانستثکەی پەروەردەوة، بؤیة زؤر پثویستة گؤرانکاری گەورة بەسەر ئةو جؤرة شثوازەی پەروەذدەیة بکرث لة کوردستان

سوید